


# دیزاینە بیناسازیەکان و دامەزراوەییەکان و کاریکەریان لە سەر بەکاربردنی ووزەی کارەبا

ئەندازیار
رفعت مصطفی رفعت

پێشکەوتن لە شێوەی ژیانی نویَ دا بوە بە هۆی تێکپرژانی زانستە ئەندازییەکان پێکەوە وە بەم شێوەیەش وای کردوە کە ئەندازیارەکانی کە لە بواری پرۆژە گشتیەکان وپرۆژەی بیناو دامەزراوەکاندا بە تایبەت کاردەکەن بوونی هەماهەنگیی فەرز کردوە لە نێوانیاندا بە مەبەستی گەیشتن بۆ چارەسەری گرفتەکان بۆ تەواو کردنی پرۆژەکان بە بەرز ترین تواناو کەمترین تێچووەوە

باس کردن لە بینا بەردەوام بەکارهێنراوەکان (الابنیە المستدامە ) تازە نیە وە سەرەتاکەی هۆی تەنگژەی ووزە بوو لە سەرەتاکانی سەدەی پێشووی هەفتاکاندا .

لەو کاتەدا ئەندازیارەکان بیریان کردەوە لەو بینایانەی کە هەن وە پێویستیان بە ساردکەرەوەی مەزن هەبوو وە سیستەمی ساردکردنەوەی گران لە بەر ئەوە دەنگ بەرز بووەوە بۆ دروست کردنی بینای خاوەن نمایشی بەرز تر بە مەبەستی کەم کردنەوەی ووزەی کارەبا

لێکۆلینەوەیەکی دانمارکیی تازە ئەوەی سەلماندوە کە فەراهەم کردنی ٤٠ تا ٥٠ لە سەدی ووزە ی کارەبا خۆی لە دیزاینەکەدا گەمارۆ داوە (سەرچاوە١)

ئەندازیاری تەلار سازی سیجنی کۆنجیبرۆ کە سەرۆکی بەشی بەردەوام گێریە (الاستدامە) لە کۆمەڵەی هینینگ لارسن بۆ بیناسازی دەلێت (هونەری بیناکردن دەکرێت کە ببێتە هۆی پاشەکەوت کردنی ووزە گەر زانستەکانی بەشێوەیەکی دروست جێبەجێکران وە گەر چارەسەری پاشەکەوتی ووزە خرایە پاڵی لە بینایەکدا لە سەرەتاوە ئەو بینایە کەمێکی کەم ووزە دەخوازێت لە راستیدا وە ئەم چاەرسەرانە کۆن نابن لە بەر ئەوەی ئەندازیاریەکی تەلار سازیی باشترە (سەرچاوە١)

لە وولاَتانی رۆژهەلاتی ناوەراست دا بەتایبەت ئەم مەسەلەیە لە دیزاینی بیناکاندا بەرچاو نەگیراوە لە گەڵ ئەوەش کە کەشی ئەم ووڵاتانە جێگیرنیە لە ڕووی پلەی گەرماو تیشکی رۆژەوە

لەم لێکۆلینەوەیەدا جەخت لە خاڵە سەرەکیەکان دەکەمەوە کە دەبێت بەرچاو بگیرێن لە دیزاینی بینادا کە کاردەکاتە سەر بەکاربردنی ووزەی کارەبا کە هیوادارم لە داهاتودا بەرچاو بگیرێت کە

دەکرێت دیزاندانەرانی بینا لە بیری بکەن لەگەڵ ئەوەش کە لەو وولاتانەدا پێودانگی پاراستنی ژینگە بەرچاو دەگیرێت جێبەجی دەکرێت لە زۆر بواردا

لێرەوە سێ خاڵ هەن دەبێت بەرچاوبگیرێن لە دیزانی ئەندازەییدا

یەك :کەم کردنەوەی بەکارهێنانی ئامێری کارەبایی بۆ خۆش کردنی هەوای بیناکان

وەك زانراوە کە هەموو بینا تایبەت و گشتیەکان بۆ ئەوەی بۆ ئەو کەسانەی تێیدا دەژین تەندروست بێت پێویستی بە هەواگۆڕی هەیە بەردەوام لە ناوەوە لە بەر ئەوە دیزاینەر هەڵدەستێت بە دانانی کۆمەڵێك هەواکێش (ساحبە )لە ناویدا بۆ پاڵنان یان کێشانی هەوا

دانانی پانکەی کارەبا بۆ هەواگۆرکی خراپەی هەیە وەك

- بەکاربردنی کارەبای زۆر کە دەبێتە فشاری زیاتر لە سەر کارەبای نیشتمانی وە ر زانیمان کە سەدان بینا هەن بەتایبەتی گشتیەکان کە لە هەر یەکێکیاندا دەیان پانکە هەن ئەم سەدان هەزار توانای کارەبا دەگەیەنێت لە کاتژمێریکدا (وات\کاژیر )
- بەکاربردنی ووزەی کارەبا هاوتایە لە زیاد بوون لە تێچوو کە خاوەن بینا دەچێتە بنی لە کاتی دانی پارەی کارەبادا ئەمەش دەچێتە بن تێچووی گشتی یان capital expenditure
- کاتی زۆری کارکردن بەم پانکانە دەبێتە هۆی شکانیان کە دەبێت چاك بکرین یان بگۆڕێن ئەمەش تێچووی ترە دێتە سەر خاوەن بینا لە بن ناوی تێچووی چاکسازی maintenance expenditure

لەبەر ئەوە دەکرێت کەم کردنەوەی پانکە دەستەبەربکرێت کە ووزە بەکار دەبات بە کردنی پەنجەرە یان درز لە سەقف یان لایەنەکانی بیناکە وەك وێنەی ژێرەوە لە کاتی دروست کردنی بانەکان :





**شێوە (١) بەکارهینانی پانکەی کارەبایی لە بیناکەدا .**

**شیوەی (٢) بەکارهینانی پەنجەرەوەك جیگرەوە بۆ پانکە**

دوو :بەکارهینانی رووناکی سروشتی وەك تیشکی رۆژ بۆ رووناك کردنەوە لە رۆژدا

پشت بەشتن بە تیشکی رۆژ لە دیزاینی بینادا وەك سەرچاوەیەکی سروشتی بۆ رووناك کردنەوە لە ناو بینادا بەتاییەتی لە رۆژدا دەبیتە هۆی کەم کردنەوەی بەکارهێنانی گلۆپ وە کەم کردنەوەی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا

وێنەی ژێرەوە هی بینایەکە چەمکەکە روون دەکاتەوە



وینە :بینایەك کە پەنجەرە لە دیواردا و بان دا بەکار دینیت بۆ هەواگۆرکی و رووناك کردنەوە

**سیٚ:بەکارهینانی گەرمی بر (عزل حراري) لە دیواری بینادا بۆ کەم کردنەوەی بەکارهێنانی ئیرکۆندیشن**

هەندێك لێکۆلینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گەرمی لە دیوارەوە دەگوێزریتەوە وە لە بانەوە لە هاویندا بە رێژەی ٦٠ تا ٧٠ لە سەدا لەو گەرمیەی کە دەمانەوێت خۆمانی لیٚ لادەین بە ئیرکۆندیشن ئەوانی تر لە پەنجەرەو کونی هەواگۆرکی وە دێن ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی ووزەی کارەبایە لە رۆژدا بۆ سارد کردنەوەی بیناکە تا رێژەی ٪٦٦ ی کۆی هەموو ووزەی کارەبایی بەکارهێنراو (سەرچاوە ٢)

لە بەر ئەوە باش عزل نەکردنی بیناکە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تێکرای کارکردن بە دەزگا کارەبایەکان وە دەبێتە هۆی زیاد بوونی تێچووی مادی لە سەر هاوڵاتی .

بەکارهێنانی گەرمی بڕ دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی هاتنە ناوەوەی گەرما بۆ بیناکە و بەم شێوەیەش کەم کردنەوەی بەکارهێنانی ئیرکۆندیشن و کەم بوونەوەی فشار لە سەر تۆری کارەبا .

ئەو قازانجەش کە بەکاربەر دەستی دەکەوێت بریتیە لە بوونی پانتایی بەتاڵ لەناو بیناکە کە لەوەو پێش بە ئیرکۆندیشن گیرابوو وە کەم کردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و کەم کردنەوەی تێچوو و صیانە بەهەمان شێوە کەم بوونەوەی ئاستی دەنگە دەنگ و هاژوو هووژی دەزگاکان و کاری دامەزراندن و کەم بوونەوەی ئەگەری سووتا ن وشکان.




لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگیدان بە و خاڵانەی پێشەوە لە دیزاینی تەلاردا دەبێتە هۆی سوود گەیشتن و بەردەوام بوونی بەکارهێنان بۆ ژینگە و مرۆڤ هەردووک .

ئەمەش بەم شێوەیە دەبیت

دانی ڕێنمایی حکومی بە کەسەکان و کۆمپانیاکان ی کارکەر لە بواری دیزاینی ئەندازەییدا بە پێویست بوونی لە بەرچاو گرتنی مەرجەکان کە دەبێت هەبن لە بینادا کە وەك بینای بەردەوام بەکارهاتوو پۆلێن بکرێن وە دۆزینەوەی چارەو ڕێگە بە مەبەستی زانینی شێوەی بەکارهینانی کارەبا

هەروەها جەخت کردنەوە لە سەر پێویست بوونی حکومەت بە هاوکاری سەندیکای ئەندازیاران بۆ چاودێری کردنی بینا راست و دروستەکان و دروست کردنی بینای سەوز(دۆستی ژینگە

## سەرچاوەکان

**سەرچاوەی ١** : مفهوم جديد للمباني الصديقة للبيئة (الموقع الرسمي للدنمارك)
http://denmark.dk/ar/lifestyle-ar/architecture-ar/building-in-a-new-light-ar

**سەرچاوەی٢** : اساسيات ترشيد الطاقة في تصميم المباني